بەش: راگەیاندن

کۆلێژ: ئاداب

زانکۆ: زانکۆی سەلاحەددین

بابەت: فەلسەفەی راگەیاندن

پەرتووکی کۆرس: کۆرسی دووەم

ناوی مامۆستا: پ.ی.د.سامان جلال

ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣-٢٠٢٤

# پەرتووکی کۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | کۆرس بووکی فەلسەفەی راگەیاندن |
| 2. ناوی مامۆستای بەرپرس | پ.ی. د.سامان جلال |
| 3. بەش/ کۆلێژ | بەشی راگەیاندن/ کۆلێژی ئاداب |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: saman.mawlood@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن (07506425038) |
| 5. یەکەی خوێندن ( 3 سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: ٣ سەعات |
| 6. ژمارەی کارکردن | ٣ سەعات بۆ ماستەرەکان لەهەفتەیەکدا |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایلی مامۆستا | پ.ی. د.سامان جلال، هەڵگری پێنج بڕوانامەی زانستییە:-<br><br>١-دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی/ بەشی میکانیک ساڵی ١٩٩٦-١٩٩٨.<br><br>٢-دەرچووی پەیمانگای تەنکیکی سلێمانی / بەشی رۆژنامەنووسی ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠١.<br><br>٣-دەرچووی زانکۆی سلێمانی / بەشی راگەیاندن ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٥.<br><br>٤-خاوەن بڕوانامەی ماستەرە لەبواری پەخشی رۆژنامەوانی نێودەوڵەتی لەبەریتانیا لەساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٨.<br><br>٥- بڕوانامەی دکتۆرا لەبواری میدیا لەبەریتانیا لە ساڵی ٢٠٠٨-٢٠١٢.<br><br>لەبواری میدیا لە تەلەفزیۆن ورادیۆو رۆژنامە لە هەرێمی کوردستان کارم کردوە.<br><br>ئێستا مامۆستای میلاکم لەبەشی راگەیاندنی زانکۆی سەلاحەددین. |
| 9. وشە سەرەکییەکان | فەلسەفە، راگەیاندن، فەلسەفەی راگەیاندن |

**10. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:**

گرنگی خوێندنی کۆرسی وانەی (فەلسەفەی راگەیاندن)، بێگومان وەک بابەتێکی سەرەکی و گرنگ لە بواری میدیا، بابەتی فەلسەفەی راگەیاندن دەخوێندرێت، تاوەکو خوێندکار/قوتابی بتوانێت فێری بەشێک لەو نهێنی و ووزە

شاراوانەی راگەیاندن بێت کە لە روانگەی فەلسەفەوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵی فێربین و بیزانین، تاوەکو بەقوڵی لە جیهانی میدیا تێبگەین، دەکرێت وەک هەر بوارو سێکتەرێکی تر سود لە فەلسەفە بۆ میدیا وربگرین. هەروەها بتوانن بەشێوەیەکی ئەکادیمی و پرۆفیشنالانە فێری مێژووی فەلسەفەو بنەماکانی فەلسەفەو فەلسەفەی میدیا بین، بۆئەوەی ناوەرۆکە میدیاییەکان لەرێگەی گرنگی و ووزە شاراوەکانی فەلسەفەوە، سوودمەندبێت و بنە خاوەن هەڵبژاردنی پەیامی دروستی میدیایی خۆیان، هەروەها لەم کۆرسەدا لەرێگەی ئەم وانەیە فێری ئەوە دەبن کە چۆن دەزگاکانی راگەیاندن کوالیتی پرگرام و لایەنە نادیارەکانی رووداوەکان دەربخەن و لێک بدەنەوەو جوانترو باشتر بیانبینن. ئەم بابەتە هێز بە میدیاکاران و کەسانی ئەکادیمی لە بواری میدیا و دەزگاکانی راگەیاندن و میدیاکاران دەبەخشێت، کە چۆن بتوانن رەهەندە شاراوەکانی رووداوەکان بخەنەروو زیاتر رووناکیان بخەنەسەر . هەروەها لە رێگەی فەلسەفەکانی راگەیاندن، دەزگاکانی راگەیاندن باشتر جولە بکەن و یارمەتی و دەرفەت بۆ هاوڵاتییان برەخسێنن، هەروەها کەسانی ئەکادیمی فێر دەبن کە چۆن توانا شاراوەکانی راگەیاندن بدۆزنەوەو وەک فەلسەفەیەک کۆنترۆڵی تەواوەتی میدیا بکەن، تاوەکو سودی چەند لایەنە بونیاد بنێن.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

*دۆزینەوەی رەهەندو نهێنی و توانا شاراوەکانی فەلسەفە و برەودان بە هێزی دروستی راگەیاندن .

*بەرزکردنەوەی کوالیتی ناوەرۆکی بابەتەکانی میدیا و سودپێگەیاندنی وەرگران لە کەناڵەکانی راگەیاندن،

* بەهێزکردنی ئاستی ناوەرۆکە میدیاییەکان لەدەزگاکانی راگەیاندن.

*سودمەندبوونی سێ لایەنە (کۆمەڵگە، دەزگاکانی راگەیاندن، میدیاکاران) لەرێگەی تێگەیشتن و خوێندنی فەلسەفەی راگەیاندن .

*گەیشتنی خوێندکار/قوتابی بە قوڵی تێگەیشتن لە جیهانی فەلسەفە و چۆنێتی سوودی میدیا لەفەلسەفەدا.

* چۆنێتی سوود وەرگرتنی دەزگاکانی راگەیاندن و میدیاکاران و ئەکادیمییەکان لەهێزو توانای فەلسەفەی راگەیاندن .

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

پێویستە خوێندکار/قوتابی لەکاتی وانە وتنەوەدا لەپۆلدا ئامادە بێت و پابەند بێت بە ئەرکەکانی. لەتاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرس بەشدار بێت. (ریڤیو ئارتیکل)ێک پەیوەسەت بەوانەی فەلسەفەی راگەیاندن ئامادە بکات هەروەها بە پریزەیتەیشن بەهەڵبژاردنی بابەتێک لەبارەی فەلسەفەی راگەیاندن پێشکەش بکات.هەروەها ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی میدتێرم و کیوز لەهەرکاتێک مامۆستا داوا بکات.

**13. رێگەی وانە ووتنەوە**

لەرێگەی پاوەرپۆینت بابەتەکان ئامادە دەکرێت و بەشێوی سلاید لەرێگەی داتاشۆ پێشکەش بە خوێندکار/قوتابیەکان دەکرێت. لەکاتی پێویستدا زۆر جار بۆ روونکردنەوەی زیاتر تەختە بۆ نووسین بەکاردێت. یان کۆپی بۆیان ئامادە دەکرێت.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

* وا لە خوێندکار/قوتابی دەکرێت بەئەکادیمی فێری فەلسەفەی راگەیاندن ببێت

| ناوی مامۆستای وانەبێژ | 17. ناوەڕۆکی بابەت |
|---|---|
| پ.ی. د.سامان جلال | کۆرسی دووەم |
| ٣ کاتژمێر | 1 - پێناسەی فەلسەفەو تێگەیشتن لەفەلسەفە |
| ٣ کاتژمێر | 2 - سوودەکانی خوێندنی فەلسەفەی میدیا |
| ٣ کاتژمێر | 3 - فەلسەفە لەرووی فۆرم و ناوەرۆکە |
| ٣ کاتژمێر | 4 - مێژووی فەلسەفە |
| ٣ کاتژمێر | 5 - فەیلەسوف کێیەو ئامانجی فەلسەفە چییە؟ |
| ٣ کاتژمێر | 6 - بەشەکانی فەلسەفە |
| ٣ کاتژمێر | 7 - گرنگی فەلسەفە |
| ٣ کاتژمێر | 8 - فەلسەفەی میدیا |
| ٣ کاتژمێر | 9 - میدیا چی بکات تاوەکو سوود لە فەلسەفە ببینێت؟ |
| ٣ کاتژمێر | 10 - فەلسەفەی ئەخلاق و میدیا |
| ٣ کاتژمێر | 11 - پەیوەندی تیۆرەکانی راگەیاندن بە فەلسەفەی میدیا |
| ٣ کاتژمێر | 12 - بنەماکانی فەلسەفەو میدیا |
| ٣ کاتژمێر | 13 - فەلسەفەی ریکلام: فەلسەفەی بازارکردن و بەرهەمهێنان و فرۆشتەنی |
| ٣ کاتژمێر | 14 - بەرهەم چی یەو فەلسەفەی بەرهەم لە میدیا و ریکلامدا چیە؟ |
| ٣ کاتژمێر | 15 - فەلسەفەی پەروەردەی سەردەم |
| | 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) |
| | |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات. هەروەها باس کردن و گفتوگۆکردن

لەگەڵ وەڵامی نموونەییان

**20. تێبینی تر**

بوونی کۆرس بووک، هاندەرێکی زۆرباشە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندکار/ قوتابی و مامۆستا و وانەکان، هەروەها دەبێتە دیاربوونی سەرەتاو کۆتایی پلانی سالانەی مامۆستا.

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

مامۆستا هەردەوان محمود نەقشبەندی.

بەگشتی ئەم کۆرس بووکە زۆر باشە.

## سەرچاوەکان

1 - مهرداد مهرين ترجمه محمود علاوى (٢٠٠٣)، فلسفة الشرق، المجلس الاعلى للثقافة، قاهرة.

2 - عەلی وەردی، وەرگێرانی مەودوود جەبار (٢٠٢١)، تیۆری مەعریفە لای ئیبن خالدوون، ناوەندی رۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.

3 - کەمال فەرەج محەمەد چوارتایی (٢٠١٩)، فەرهەنگی فەلسەفی/سویدی ئینگلیزی کوردی، چاپخانەی تاران، ئێران.

4 - توفيق الشريف (١٩٩٣)، فلسفة الفن، دار سيباد للنشر، تونس.

5 - یوسف کەرەم وەرگێرانی عومەر عەلی غەفوور (٢٠١٧)، مێژووی فەلسەفەی نوێ، چاپخانەی تاران، ئێران.

6 - دیپ پانێل وەرگێرانی د.سەلام عەبدولکەریم (٢٠٢٢)، دەربارەی فەلسەفەی مێژوو، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

7 - ت.ز.لاڤین وەرگێرانی ئارام مەحمود ئەحمەد (٢٠١٧)، لە سوقراتەوە تا سارتەر، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

8 - ئەنتوان سەیف وەرگێرانی عومەر عەلی غەفوور (٢٠٢٠)، چ فەلسەفەیەک بۆ سەدەی بیست و یەکەم؟ ، چاپخانەی تاران، ئێران.

9 - د.حەمید عەزیز (٢٠٠٩)، بنەڕەتەکانی فەلسەفە، سلێمانی.

10 - پاوڵ ئێدواردس وەرگێرانی چنوور فەتحی (٢٠١٠)، مێژووی فەلسەفەی ئەخلاق، چاپخانەی خانی، دهۆک.

11 - نایگل واربرتۆن وەرگێرانی سەربەست جیهاد (٢٠٢٠) کورتەیەک لەمێژووی فەلسەفە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

12 - د.حەمید عزیز (٢٠١١)، فەلسەفەی نوێ لەئەوروپا، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

13 - یوسف کەرەم وەرگێرانی عومەر عەلی غەفوور (٢٠١٧)، مێژووی فەلسەفەی ئەوروپی لەچاخی ناوەراستدا، چاپخانەی تاران، ئێران.

14 - تەحسین حەمە غەریب (٢٠٢٠) شیکاری فەلسەفی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

15 - پۆڵ ستراتێرن وەرگێرانی ڕەووف بێگەرد (٢٠٠١)، دیكارت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

16 - مارت هایدگەر، گی باسیت، میشیل هار، هانا ئارندت، یۆرگن هابرماس، ڕۆدۆلف ئەگستاین، کیورک ڤۆڵف، وەرگێرانی ئیسماعیل کوردە (٢٠٠٢)، مارتن هایدگەر، سەنتەری لیکۆلینەوەی فیکریی ئەدەبی نما، هەولێر.

17 - کارڵ پۆپەر وەرگێرانی بادینان محەمەد (٢٠٢١)، کلۆڵی مێژووگەرایی، چاپخانەی تاران، ئێران.

18 - د.ئیسماعیل عەلی وەرگێرانی جیهاد محەمەد (٢٠٢٠)، فەلسەفەی پەروەردەی سەردەم، چاپخانەی تاران، ئێران.

19 - ڕینیە دیكارت وەرگێرانی عومەر عەلی گوفوور (٢٠٢٠) تێڕامانەکان لەفەلسەفەی یەکەم، چاپخانەی تاران، ئئێران.

20 - سەمەد زەنگەنە (٢٠٠١)، فەلسەفەی مافی مرۆڤ، ئۆفسیتی ڕووناكبیری، سلێمانی.

21 - نەوزاد مهندس (٢٠٢١)، تێڕوانینە هزرییەكان، سلێمانی.